بنكەی ژین

# یــــاداشـــــتـــــی لـێـکـتـێـگـــەشــــتـن

## لـــــه نیـــوان

## (زانکۆی جیهان- سلیمانی ) و( بنکەی ژین بۆ بەڵگاندن و لێکۆڵینەوە )

١. پێشەکی

١،١ زانکۆی جیهان ـ سلیمانی و بنکەی ژین بۆ بەڵگاندن و لێکۆڵینەوە ئامادەن هاوکاری یەکتر بکەن لە پێناوی گەشەپێدانی خزمەتگوزاریەکانیان لە بواری رۆشنبیری و زانستی بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە بە گشتی و خوێندکاران بە تایبەت لەم پێناوەدا ئەم یاداشتی لیکتیگەشتنەیان بە شیوەی فەرمی واژۆدەکەن

١،٢ مەبەست لەم یاداشتی لیکتیگەشتنە بریتیە لە بەهیز کردن و فراوانکردنی ئاستی تیگەشتن و گەشەپێدان و پەیوەندی ولە هەمان کاتدا بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران و مامۆستایان و ستافی هەردوو لا و چالاکیە کلتوریە جۆراو جۆرەکان و هەر جۆرە پرۆژەیەکی زانستی لە نیوان هەردوولا . ئەم لیکتیگەشتنە چەند لایەنێکی گشتی و تایبەتی رێککەوتنەکە دیاری دەکات و دەکرێت بە رەزامەندی هەردولا چاوپێداخشانەوە ئەنجام بدرێت بە دیاری کردنی ناوەرۆك و چالاکی تر لە نیوان زانکۆی جیهان ـ سلێمانی و بنکەی ژین بۆ بەڵگاندن و لێکۆڵینەوە.

١،٣ چالاکیە گشتیە جۆراوجۆرەکان ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە بەڵام دەکرێت زیاتر بکرێن:

- پرۆگرامی ئاڵوگۆری ستاف
- پرۆگرامی ئاڵوگۆری کلتوری
- سەردانی خویندکار/ مامۆستایان
- هاوکاری پرۆژەی توێژینەوە / هاوبەش
- پرۆگرامی راهێنان/پرۆژەی کورتخایەن / پرۆگرامی فێربون
- هاریکاری و ئاڵوگۆری پلان و ناوەرۆکی وانە و کۆنفرانس و سیمینار
- ئاڵوگۆری بلاَوکراوە
- بەشداریکردنی دەستەی مامۆستایانی زانکۆی جیهان – سلێمانی و ئەنجومەنی بنکەی ژین لە چالاکییە زانستییەکانی یەکتر
- مامۆستایان و خوێندکاران و توێژەران دەتوانن سوود وەربگرن لە کتێب و گۆڤار و رۆژنامە و دەستنووس و بەڵگەنامەکانی بنکەی ژین بۆئەنجامدانی توێژینەوە و هەرچالاکیەکی زانستی.
- زانکۆی جیهان ئامادەیە یارمەتی تەکنیکی و مرۆیی بۆ بنکەی ژین دابین دەکات پاش وەرگرتنی رەزامەندی زانکۆکە.

٤،١ بۆ جێبەجێکردنی چالاکیەکانی ئەم یاداشتی لێکتێگەشتنە هەردوولا هەڵدەستن بە دیاری کردنی کەسی بەرپرس (کەسی پەیوەندیدار) بە ئامانجی هەماهەنگی کردن .

٤,٢ ستاف/ کۆلیجی هەر دوولا بە پێی مەرجی یاداشتەکە دەتوانێت بەشدار بێت لە چالاکی جۆراوجۆر .

٤,٣ ئەم جۆرە چالاکیانە ئالوگۆری دەستەی وانە ووتنەوە / چالاکی توێژینەوە دەگرێتەوە بۆ ماوەیەکی کورتخایەن یان ماوەیەکی درێژکراوە : ئەنجامدانی کۆنفرانس، سیمینار/ یان زنجیرە وانە ئەمەش لەرێی دابین کردنی ئەزموونی بەتوانا وەك راوێژکارانی پرۆژەی تایبەتی زانکۆ: یان ئالوگۆری سەردانی کورتخایەن بۆ برەوپێدان و دەستنیشان کردنی چالاکی لە نیوان هەردو لا. برەوپێدانی چالاکی لە سەربنەمای بەرژەوەندی زانستی هاوبەش و بوارەکانی تویژینەوە یان بابەتی هەرچالاکیەکی تری کلتوری یان رۆشنبیری یان هەر چالاکیەکی تر کە دیاری دەکرێت لە ماوەی بەردەوامی یاداشتی لیکتیگەشتنەکە.

٤,٤ بە شیوەیەکی گشتی ، چالاکیەکانی ئالوگۆری ستافی کۆلیج جێبەجێدەکرێت لە رێگەی داواکاری/ چاوپێداخشانەوە/ رەزامەندی هەردوو لا.

٤,٥ هەردو لا کە واژۆیان لەخوارەوەیە پابەندن بە بنەمای هاوبەشی لە هەر بواریکی پرۆژەی ئالوگۆر کە پشتگیریی دەکرێت لە لایەن هەردوولا

سەرۆکایەتی زانکۆی جیهان / سلێمانی
نوسینگەی سەرۆکی زانکۆ

واژۆ و مۆر

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. ئومێد رفیق فتاح
سەرۆکی زانکۆی جیهان ـ سلێمانی
بەروار

رەفیق سالح ئەحمەد
بنکەی ژین بۆ بەلگاندن و لێکۆڵینەوە
بەروار